## بیرەوەرییەکانی محەمەد شاپەسەندی

نەمر محەمەد شاپەسەندی، ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان، ناوی لەگەڵ چاپ و چاپەمەنی کوردیی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا ئامێتە بووە. هەر لە گۆڤاری نیشتمانەوە تا ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان (١٩٤٥) و چاپەمەنییەکانی دیکەی شاری مەهاباد، جێ پەنجەی ئەو – وەک پیت چین – بەسەر هەموویانەوە دیارە. دوای هەرەسی کۆمار و ئاوارە بوون لە باشووری کوردستانیش شاپەسەندی لە شار و لە چیا بەو ئەرکەوە خەریک بووە و ژمارە ١٠ی گۆڤاری نیشتمانی هەر لەوێ دەرکردوە، تەنانەت دووجار لە دووکانی ئاسنگەریی، چاپخانەی دروست کردوە و چاپەمەنی دەورەیی کوردی پێ چاپ کردون. لە بەغداش هەر بەو کارەوە خەریک بووە و دەڵێ هیچ چاپخانەیەک لە بەغدا نەبووە کارم تێدا نەکردبێت.

شاپەسەندی تەنیا مرۆڤێکی تەکنیک کار نەبووە و بە نازناوی "ئازەر" ی سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافیەوە، وتاری لە زۆرێک لەو چاپەمەنییانەدا نووسیوە و تەنانەت خۆی ژمارەیەکی گۆڤاری "ئاوات"ی لە مەهاباد دەرکردوە (١٩٤٥). شاپەسەندی لە هەموو ماوەی ژیانیدا خەریکی کاری سیاسی بووە و لە پەیوەندی گەلێک نزیکی نەمر عبدالرحمان زەبیحی دا کاری کردووە و وەک ئەو، لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات کەوتووە و کە لە ساڵی ١٩٦٦ دا لە بارزانی و پارتی جیا بوونەوە، هەروەها لە زۆر لایەنی ژیانی سیاسی زەبیحی ئاگاداریی هەبووە. بیرەوەرییەکانی شاپەسەندی ڕوونکەرەوەی هەندێک لایەنی سیاسەت و خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات و باشوورن کە تا ئەمڕۆ بۆ ئێمە شاراوە بوون یا خود بە ناتەواوی دەمانزانین و لەوانە، هاوکاریکردنی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ تەیموری بەختیار و ئامادە کردنی ١٥٠٠ چەکدار بۆ ئەو و "پەناهیان" ی حیزبی تودەی ئێران، کە زۆریان سەریان تێدا چوو.

لە کتێبەکەدا باسی بۆکان بابەتێکی سەرەکی نییە، بەڵام مەسەلەیەک باس دەکات کە من پێشتر بە گوێم نەکەوتبوو، ئەویش لە پەیوەندی چاپخانەی بۆکاندایە کە شەهید حەسەنی قزڵجی بەڕێوەی دەبرد. شاپەسەندی دەنووسێت :

*" کاتێ خۆی <u>کۆمەڵە</u> ئامێرێکی چاکی بچووکی[چاپی] بۆ کومیتەی بۆکان کڕیبوو و " هەڵاڵە" بەم ئامێرە چاپ دەکرا" (لاپەڕە ٣٢).* بەم پێیە، یەکەم، پێش دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆمەڵەی ژێکاف لە بۆکان کومیتەی هەبووە و دووهەم، دەزگایەکی چاپ بۆ ئەو کومیتەیە کڕاوە، کە لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دواتردا بۆتە هی حیزبی دیموکراتی کوردستان و گۆڤاری "هەڵاڵە" ی پێ چاپ کراوە.

هەروەها دەڵێ کاتێک لە تەورێز لەگەڵ زەبیحی دا گۆڤاری نیشتمانمان چاپ دەکرد، کاری پیت چنین لە ماڵی خۆمان بەڕێوەدەبرا و بۆ چاپ دمانبردە چاپخانەی خەلیفەگەریی ئەرمەنییان. جا دەڵێ ژمارە ٦ تا ٩ (دیارە ٧ و ٨ و ٩ یەک ژمارەن) واتە ئەو دوو ژمارەیەمان لە ماڵی برادەرێک لە بنەماڵەی ئیلخانی زادە دا ئامادە کرد(لاپەڕە ٣٤)، کە دواتر دەڵێ ئەو کەسە قاسم ئاغای ئیلخانی زادە بوو (لاپەڕەی ٤٧ ی پاشکۆ). جگە لەوانە، نووسەر چەند جارێک باسی ژیانی قزڵجی لە باشووری کوردستان دەکات و جارێکیش باسی نەمر سەعید یەزدان پەنا (لاپەڕە ٣٦ ی پاشکۆ).

من ئەو لاپەڕانەی کە باسی بۆکانیان تێدا کراوە لێرەدا دەنووسم:

۳۲، ۳٤، ٤۹، ٥۱، ٥۳، ۸٥، ۹٦، ۱۱۰، هەروەها لە بەشی پاشکۆ دا ئەم لاپەڕانەی خوارەوە :

۳٦، ٤۷، ۷۲، ۷٤، ۷۷.

*محەمەد شاپەسەندی، " بیرەوەرییەکانی محەمەد شاپەسەندی"، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی، ۲۰۰۷، ۱٤٥ لاپەڕە، کوردی.*